ژمارە : ٢٢
ڕێکەوت: ٢٤ / بەفرانبار / ٢٧٢٠ کوردی

العدد: ٢٢
التأريخ: ١٤ / ١ / ٢٠٢١

## فەرمانی وەزاری

ئامــاژە بە بڕیارەکــانی لیــژنەی بــاڵای بەرەنگــاربوونەوەی ڤایرۆســی کۆرۆنــا لە ڕۆژی چوارشــەممە، ڕێکەوتی ١٣ی ی ٢٠٢١ بڕیاردرا:

**١-** قوتابیــان و خوێنــدکارانی قۆنــاغی ١٢ی ئامــادەیی بەهەمــوو بەشــەکانیەوە کە دەوامیــان لەڕێکەوتــی ١٦ی ی ٢٠٢١ دەســتپێدەکات، قۆناغەکــانی دیــکەش لە ١ی بنەڕەتــی تــا ١١ی ئامــادەیی و پەیمانگەکــان لە خوێنــدنی (حکــومی و نــا حکــومی) کە دەوامیــان کــرایەوە، ئەو بــژارەیە دەخــرێتە بەردەم بەخێوکــاری قوتــابی و خوێنــدکار کە ئەگەر ئارەزومەنــد نەبــوون قوتابیەکەیــان لە نــاو پــۆل بخوێنێــت دەتــوانن لە ڕێــگەی خوێنــدنی ئەلیکترۆنــی و ئــۆنلاین و پاڵپشــتی ماڵەوەیــان بەردەوامــبن، بە مەرجێــک تاقیکردنەوەکــان لە نــاو پــۆل ئەنجــام بــدەن، بــۆ ئەم مەبەســتە فــۆرمی هــاوپێچکراو لە هەفــتەی یەکەمــی دەوام پڕدەکرێتەوە لە قوتابخانە و خوێندنگەکان.

**٢-** هەژمــارکردنی نمــرەی ئەو قوتابیــانەی لە نــاو پــۆل نــاخوێنن بەشــێوەی ٢٠ % بــۆ نمــرەی تــاقیکردنەوەی نووسینەکی (مانگانە)ی ناو پۆل و ٨٠ % ی نمرەی تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز دەبێت.

**٣-** ناوەنــدەکانی خوێنــدن تەنهــا پابەنــد دەبــن بە ســێ ڕۆژ پشــووی جەژنــی نەورۆز و ســێ ڕۆژ پشــووی جەژنــی مــانگی ڕەمەزانــی پیــرۆز، جــگە لە ڕۆژانــی هەینــی کە دەوام نییە، ســوود لە هەمــوو پشــووەکانی دیکە وەردەگیرێت.

**هاوپێچ:** فۆرمی بەڵێنامەی بەخێوکار.

**ئالان حمەسعید صالح**
**وەزیری پەروەردە**
**٢٠٢١/١/١٤**

**وێنەیەک بۆ:**
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان / بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا / بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی تەندروستی / نووسینگەی بەڕێز وەزیر / بۆ زانین و هەماهەنگی/لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕیز بریکاری وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز راوێژکاران/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە) ، ئیدارە سەربەخۆکانی (گەرمیان و ڕاپەرین) / بۆ زانین و کاری پێویست / لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سەر بە دیوانی وەزارەت / بۆ کاری پێویست ( ).
- گشت بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان/ بۆ کاری پێویست ( ).
- خولاو.



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

وێنەی
قوتابی

وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی (            )
بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی (            )
قوتابخانە / خوێندگە/ پەیمانگەی [            ]حکومی/ ناحکومی

ژمارەی بەڵێننامە :                ڕێکەوت :   /   / ٢٠٢١

وەزارەتی پەروەردە
نووسینگەی وەزیر
Ministry of Education

## (( بەڵێننامە ))

من بەخێوکار (_________________________) ی قوتابی / خوێندکار [______________] لە پۆلی (__________) قوتابخانەی ناوبراو کە لەخوارەوە ناوم هاتووە، بەرپرسیارێتی دەوام نەکردنی قوتابییەکەم هەڵدەگرم لەناو پۆل بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢١/٢٠٢٠ و پابەندبوونی بە خوێندن لە ڕێگەی ئەلیکترۆنی یان ئۆنلاین یان هەر ڕێگەیەکی تر کە گونجاو بۆم، لەهەمان کات بەڵێن دەدەم کە قوتابییەکەم ئامادە بکەم بۆ تاقیکردنەوەکانی مانگانە کە نمرەی ( ٢٠٪ ) و تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرز کە نمرەی ( ٨٠٪) ی لەسەرە لە ناوپۆلدا. وە پاشگەزنابمەوە لەو بەڵێنەی داومە تاکۆتایی وەرزی یەکەم خوێندن ، بۆ ئەو مەبەستە واژوم کرد .

واژو یان پەنجەمۆر
ناوی بەخێوکار/ __________
ژمارە و ڕێکەوتی ناسنامەی فەرمی
ژمارەی مۆبایل
(                    )

واژو یان پەنجەمۆر
ناوی بەڕێوەبەر
/   / ٢٠٢١
مۆری قوتابخانە / خوێندنگە

---

تێبینی :

١- ئەم بەڵێننامەیە بە دوو دانە واژو دەکرێ ، وێنەیەکی لای بەخێوکا ر و وێنەکەی تری لە دۆسییەی قوتابی / خوێندکار هەڵدەگیرێ لە قوتابخانە .

٢- بەخێوکار بەرپرسە لەسەر چاودێریکردنی ڕێکەوتەکانی تاقیکردنەوەی مانگانە و تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز .

٣- قوتابخانە لیستێك بەناوی هەموو قوتابیانی پۆلە کۆتاییەکان دەنێرێ بۆ (ب.پ.گەزا) لەهەفتەی دووەمی دەستپێکردنی دەوام .

٤- قوتابخانە تۆمارێکی تایبەت دەکاتەوە بە ژمارە و ڕێکەوتی ئەم بەڵێننامانە .

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner